www.kurdistannet.org

24-11-2006 10:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بێدەنگی لە جێبەجێنە کردنی مادەی 140 ڕیسوا دەکەین

هەروەکو لای خەڵکی کوردستان ئاشکرایە، هەر لەسەرەتای بەزۆرلکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی عارەبی، کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق دەستی پێکردووە. هەموو ڕژێمەکانی ئێراق بەشێوە و میتۆدی جیاواز پیادەی ڕەوتی داپلۆسین و توانەوەیان کردووە و بەعارەبکردنی خەڵک و خاکی کوردستان ئامانجیان بووە. بە گەواهی مێژوو، لەڕابردوودا هەرچی بەڵێن و گفتێک بە کورد دراوە، هەمووی پاشگەزبوونەوە و لێدانی کوردی بەدواوە بووە. داگیرکەران هەمیشە لە کاتی بێهێزیدا پەنایان بردۆتەبەر وتەی بۆش و سڕکردنی هەرکارێک کە نیمچەبەڵێنێکی بۆ کورد تێدابووە.

وەکو ئاشکرایە کێشەی سنوری نێوان باشوری کوردستان و ئێراقی عارەبی، خاڵێکی بنچینەیی و سەرەکی کێشەی نێوان کورد و عارەب بووە. ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕژێمەکانی بەغدا جگەلەوەی نەیانویستووە دان بە سنوری مێژووی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) دابنێن، هەوڵی بەعارەبکردنی ناوچە سنوریەکانیان بەردەوام داوە، دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەیان گۆڕیووە، ناوچەکانیان وەکو ناوچەی عارەب ناساندووە، خاکی کوردستانیان وردەوردە لە کورد پاک کردۆتەوە و بەمجۆرە خاکی عارەبیان بەرەوسەروو فراوانکردووە. وەکو بینیمان ڕژێمی ڕووخاوی بەعس تەنها شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆکی وەکو کوردستان سەیرکردووە.

دوای ڕوخاندنی ڕژێمی داگیرکەری ئێراق، دەسەڵاتدارانی کورد ڕێگای بەغدایان هەڵبژارد، مۆری ئێراقیبوونیان بە خەڵک کرد و بەڵێنیان دا، لەو ڕێگایەوە هەموو ناوچە بەعارەبکراوەکان بۆ کوردستان بگەڕێننەوە. لە دەستورە کاتیەکەدا بۆ چارەسەری کێشەی سنور لەسەر بڕیاری 58 ڕێککەوتن، ئەو بڕیارە لە دەستورە هەمیشەییەکەدا لە مادەی 140 ئاماژەی بۆ کرایەوە و نوسرا دەبێ لە کۆتایی 2007 دا بەتەواوی جێبەجێ بکرێت. جێگای بیرخستنەوەیە ئەو بڕیارە کەموکوڕی تێدایە و لە ڕێگای ڕیفەراندەمدا، ناتواندرێ هەموو ناوچە بەعارەبکراوەکان بۆ سەر کوردستان بگەڕێندرێنەوە، دەسەڵاتی کوردی ئەوە باش دەزانن.

دەبوایە بڕیاری 58 لەسەردەمی حکومەتە کاتیەکەی ئەیاد عەلاوی دەست بەجێبەجێکردنی کرابا، بەڵام هیچ هەنگاوێک نەندرا. لەسەردەمی حوکمی جەعفەریدا جێبەجێکردنی بڕیارەکە تەواو سڕ کرا. پاشان دەبوایە بڕیاری 140 کە بڕیاری 58 ە، بێوەستان درێژە بەجێبەجێکردنی بدرێت، بەڵام هیچ نەکرا و هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە تائێستا نەندراوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا دەستەیەک بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 دیارکرا، پاشان نوری مالیکی دەستکاری دەستەکەی کرد و ئەندامێکی وەکو نوێنەری خۆی دانا و یەکی بەرەی تورکمانیشی بۆ زیاد کرد. ئەوە کارێکی نایاسایی و دەستێوەردانی ڕشکاو لە پرسی کەرکوک و سنور بوو، ئەوە هەوڵێکی بەکردەوەی شەلکردنی دەستەکە بوو. مالیکی خەرجیەکانی ئەو دەستەیەی ڕاگرتووە و بەگشتی ئاستەنگی دەخرێتە بەردەمی کاری جێبەجێکردن. شایانی ئاماژەپێکردنە کارەکانی ئەو دەستەیە تا ئێستا تەنها کردنەوەی چەند ئۆفیسێك لە شارەکانی کەرکوک، خانەقین و شەنگال بووە، تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی جێبەجێکردن بە کردەوە نەندراوە، ئەوەش سڕکردنی جێبەجێکردنی بڕیاری 140 ە و چیتر نییە. لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا تەنها چەند ئۆفیسێک بۆناو کراوەتەوە، چۆن لەماوەی ساڵێکدا ئەو بڕیارە پڕ کێشەیە دەتواندرێ جێبەجێ بکرێت؟

دەسەڵاتی کوردی خۆی مۆری بڕیاری 58 و پاشان 140 ی کردووە، خۆی لایەنی گرنگی جێبەجێکردنی بڕیارەکەیە، دیارە لەسەریەتی چالاکانە کار بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 بکات و بەرەورووی هەر کار و هەنگاوێکی دژ و خراپ ببێتەوە. ئەوە بەڵێنێکە خۆیان بە گەلی کوردستانیان داوە. بەڵام دەسەڵاتی

کوردی زۆر سست و ناچالاکە و لەوە ناچێت کە غەمخۆری جێبەجێکردنی مادەی 140 بێت. کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بە تەگەرە و ئاستەنگ دروستکردنەکان، تەنها لە چەند وتەیەکی ئەملاو ئەولا لە ئاستێکی نزمدا زیاتر نەبووە، تا ئێستا بەکردەوە هیچ گوشارێکی بەرچاویان نەخستۆتەسەر حکومەتی بەغدا. لە دەستێوردانەکانی نوری مالیکی هیچ هەڵوێستان نەبووە و بەرپەرچی کار و هەنگاوە خراپەکانی ئەویان نەداوەتەوە. بەرامبەر بە رژێمی داگیرکەری تورکیا و دەستێوەردانەکانی تورکیا لە پرسی کەرکوک، لە ئاستی پێویست نین
کاروکردەوەکانیان لە شاری کەرکوک بە هیچ جۆرێک لە کاروکردەوەی دەسەڵاتێکی غەمخۆری کوردستانی ناچێت، ئاوارە گەڕاوەکانی شاری کەرکوک لە خراپترین باردا دەژین، پارچەیی بە ئاشکرا بە کوردەوە دیارە و کاری حزبایەتی و ململانێی ناهۆشمەندانەی یەکێتی و پارتی باڵی کێشاوەتەسەر هەر کارێکی دیکە، گەندەڵی بەرفراوان لەناو کارمەند و داروودەستەکانیاندا هەیە، بەرنامەیەکی دیار و رێکوپێکیان بۆ خەڵکی شاری کەرکوک نییە و لە هەموو پرسەکانی ناو شاری کەرکوک یەکێتی و پارتی هەریەکەی لە ئاشێک لێدەکەن. ئەوانە و زۆریتر هەمووی کارەساتن بۆ گەلێک کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی نارەوا و داگیرکەری ئێراق، خەباتی خوێناوی بۆ گێڕانەوەی خانەقین، مەندەلی، کەرکوک، موسڵ و شەنگار بۆ سەر کوردستان کردووە.
ئێمە ئەوانەی لە خوارەوە واژوی ئەو بانگەوازەمان کردووە، بێدەنگی و پاسیڤی دەسەڵاتی کوردی و سەرۆکەکانی دەسەڵاتی کوردی زۆر بە خراپ دەبینین. بێدەنگی و سستی بەرامبەر بە سڕکردنی پرسی سنور هیچ پاساوێکی بۆ نییە، ئەوان لەسەریانە هەرچی لە توانایاندایە بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 تەرخانی بکەن، ئەوە ئەرکە لەسەر شانیان، ئەوە خێر نییە بە گەلی کوردی دەکەن. ئەوان لەسەریانە بەڵێنەکانی خۆیان بەجێبهێنن، ئەو بێدەنگی و کەمتەرخەمییە لە ئاست ئەو پرسە جارەنوسسازەدا تێپەڕێنن و وەکو دەسەڵاتێکی بەرپرس بە ئەرکی خۆیان هەڵسن.
ئەگەر وانەکەن نابێ بێدەنگی لە ئاستیاندا چیتر بکرێت و پێویستە رێگا و میتۆدی جیاواز بۆ چارەسەر بگردرێتەبەر، ئەوەش ئەرکی هەموو کوردستانیان و دڵسۆزانی کوردستانە.
پشتگیری خۆتان بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرن

kampin140@hotmail.com

**لیستی ناوەکان:**

1- قادر نادر نووسەر- سوید
2- شاخەوان شۆڕش نووسەر- دانیمارک
3- سلاح سۆفی سوید
4- هیشام ئاکرەیی رۆژنامەوان - سوید
5- عەلی مەحمود محەمەد نووسەر- هۆلەندا
6- ئاسۆ بیارەیی نووسەر و رۆژنامەوان - سوید
7- رووناک شوانی نووسەر وچالاکی مافی ژنان - سوید
8- سالار سۆفی نووسەر - فینلاندا
9- گۆران هەڵەبجەیی نووسەر - دانیمارک
10- فەهمی کاکەیی نووسەر- سوید
11- هیوا ناسح نووسەر - سویسرا

12- ئارێز دارپور ئەلمانیا
13- ئاراس گەرمیانی سوید
14- ڕۆناک ئەحمەد چالاکڤان لەمەسەلەی ژنان
15- جیهاد محەمەد حەمە کەریم ئەندامی دەستەی بەڕیوبەری چاک- نەرویژ
16- دەرسیم دیبەگەیی نووسەر- دانیمارک
17- ڕەفعەت هەلەبجەیی نووسەر - سوید
18- ئەحمەد تازەدێیی نووسەر –سوید
19- میدیا هیشام ئاکرەیی ڕۆژنامەوان – سوید
20- بێکەس بەرواری نووسەر – نەڕویج
21- مەهاباد کوردی نووسەر - سوید
22- یاسین بانی خێلانی نووسەر – ئەڵمانیا
23- ڤیان سۆفی فینلەندا
24- ڤیان رەزاق خوێندکار - سوید
25- عومەر محەمەد نووسەر - کوردستان
26- محەمەد خەیروڵا ئەمین ئەندامی چاک ئەڵمانیا
27- وەهاب شاە محەمەد نووسەر - سوید
28- مەدیحە سۆفی سابیر ئەڵمانیا
29_ هادی بابەشێخ چاک ئەلمانیا
30- عومەر فارس عەزیز بەرپرسی سایتی کوردستان نێت